پۆلیسی تورکیا چوار ڕۆژنامەنووسیان لە باکووری کوردستان و شاری ئیستەنبوڵ دەستگیرکرد



هێزە ئەمنییەکانی تورکیا چوار ڕۆژنامەنووسیان دەستگیرکرد لە هەمەتەکی پشکنینی بەرفراواندا کە ماڵەکانیان لە ئیستەنبوڵ و وان لە باکووری کوردستان گرتووە.

بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان، پۆلیسی تورکیا ڕۆژنامەنووس ڕیحان حاجی ئۆغڵو لە شاری وان لە باکووری کوردستان دەستگیرکردووە، هەروەها ڕۆژنامەنووسان ئەحمەد گونش و نەجلە دەمیر و ڕەحیمە کار لە ئیستەنبوڵ دەستگیرکرد.

سەرچاوەکان ئاوەشیان خستووە کە ڕۆژنامەنووسی کورد "ڕیحان حاجی ئۆغڵو" لەکاتی هەمەتەکەدا لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە لە شاری وان لە باکووری کوردستان هەڵەشەی لێکراوە.

ئەم هەمەتی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان لەکاتێکدایە، ئازادی ڕۆژنامەگەری لە تورکیا ڕووبەووی سەرکوتکردنێکی زیاتر دەبێتەوە لەکاتێکدا تورکیا بەردەوامە لە بڵئامانجگرتنی ڕۆژنامەنووسانی بە لایەن و ئۆپۆزسیۆن و سپاندنی سانسۆری تووند بەسەر میدیا و ڕۆژنامەنووسەکان.